

لە زۆربەی وڵاتانی نەریتی بە کوردستانیشە ئافرەتان لە دۆخێکی نائارامی ڕۆحیدان و توندوتیژییان لەبەرامبەر دەکرێ، واتە نەریتی کۆمەڵگە وایکردووە وەک مرۆڤ سەیری ئافرەتان ناکرێ. بۆیە ڕۆژانە دەبیستین کە ئافرەتان توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێ

وەک پارێزەرێک کەیسێکم دیتووە ئافرەتێک بە هۆی ئەوەی نامەیەکی هەڵەی لەلایەن کوڕێکەوە بۆ چووە، لە دادگا لەلایەن مێردەکەیەوە تەڵاق دراوە، یان ئافرەت هەبووە تەلەفۆنێکی هەڵە بۆی کراوە، داوای لێبووردنیشی لێ کراوە، بەڵام مێردەکەی باوەڕی پێ نەکردووە و سەرەنجام تەڵاقی داوە



گوڵان: کۆمەڵایەتی

**کرانەوەی لەناکاو و زۆر خێرای کۆمەڵگەی کوردستانی بە سەر کۆمەڵگە دنیای نوێ و هاتنی لێشاوی لەناکاو و لە سەریەکی تەکنۆبۆژیا بۆ کۆمەڵگە و چوونەناو ماڵەکانەوە، ئەمە وایکرد زۆریک لە کێشەی ناو فیلم و زنجیرە دراماکان لە واقیعی کۆمەڵگەی ئێمەدا دووبارە ببنەوە**

# تەکنەلۆژیا.. فاکتەرێکی دیکەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان

بەپێی ئامارە فەرمییەکان توندوتیژی بە جۆر و شێوازی جیاجیا لە هەمبەر ئافرەتاندا بەردەوامی هەیە و تەکنەلۆژیا فاکتەرێکی دیکەی توندوتیژییە. بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژ بە ئافرەتانیش ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە تەکنەلۆژیا بەتایبەتی مۆبایل و ئینتەرنێت، زۆر جار کارەساتی ناخۆشی بۆ ئافرەتان بە دواوە بووە، لە کاتێکدا جگە لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پێوەندیکردنیش لە هەرێمی کوردستان بەرکارە. بۆیە ئەو پرسیارە دێتەئاراوە کە بۆچی سەرەڕای یاسا و بوونی ناوەندی چالاک بۆ بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان، هێشتا ئەم دیاردەیە بە ڕێژەی زۆر لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دەبیندرێ؟ ئایا دەکرێت چ ڕێکارگەلێك بۆ نەهێشتن و لانیکەم کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە بگیرێنە بەر. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە.

«ماوەی شەش مانگ لە ڕێگەی فەیسبووك هاوڕێیەتیم لەگەڵ کوڕێك هەبوو. پاش ئەو ماوەیە هاوڕێیەتییەکەمان پەرەی سەند و بوو بە خۆشەویستی و عەشق، بەڵام بە ڕێکەوت بۆم دەرکەوت کوڕەکە خێزاندارە و باوکی سێ مندالە، بۆیە بڕیاری بڕینی پێوەندییەکەم دا و لێی جیا بوومەوە، بەڵام ئەو کوڕە هەمیشە هەڕەشەی ئەوەم لێدەکات کە ئەگەر لەگەڵی بەردەوام نەبم، نامە نووسراو و بیستراوەکانم کە بۆ ئەوم نووسیبوون دەیداتە دەست براکانم، ئیدی لەم کاتەوە لە بارودۆخێکی زۆر ناخۆشدا دەژیم لە ترسی ئەوەی لای کەسوکارم پێوەندییەکەم ئاشکرا نەبێت ناتوانم هیچ سکاڵایەك لەسەر ئەو کوڕە تۆمار بکەم، دڵنیاشم ئەگەر سکاڵا تۆمار بکەم، هیچ بە هیچ ناکەم جگە لە ئابڕوو چوونم» ئەوانە قسەی (ش ف) بوو. ئەو کچێکی تەمەن ١٩ ساڵە و ساڵانێکە لە خوێندن دابڕاوە.

هەر سەبارەت بە توندوتیژیی تەکنەلۆژیاوە، دڵشاد نامیق، خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە زانستە سیاسییەکان، هێما بۆ ئەوە دەکات: «ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەی هاتووەتە ئاراوە، سەرەڕای سوودەکانی زیانیشی هەیە، بەتایبەتی لەو کۆمەڵگەیانەی کە ئاستی هۆشیاریی تاك وەك پێویست گەشەی نەکردووە، زۆرجار ئامێرەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری و بەتایبەتی مۆبایل و ئینتەرنێت بوونەتە هۆکاری بەکارهێنانی توندوتیژی بەرانبەر ئافرەتان، بێگومان هەرێمی کوردستانیش لەم پەتایە بەدەر نییە، ئەوەش کۆمەڵێك هۆکاری خۆی هەیە. یەکێك لە هۆکارەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاری خودی ئافرەتان لە بەکارهێنانی ئەو تەکنەلۆژیایە، کە لە بری بەکارهێنانی لە جێگەی دروستی خۆی، بە ڕێگەی نادروست بەکاری دێنن و بە هەڵەیاندا دەبەن. هەروەها نەبوونی یاسایەکی تۆکمە بۆ ڕێکخستنی ئامێرەکانی پێوەندی و ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان، کە ڕێگە بگرێت لە هەبوونی سیمکارتی بێ ناسنامە و دەستاودەستکردنی لە بازاڕەکاندا، ئەمە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی کەسانێك گێچەڵ بە ئافرەتان بکەن و تووشی لادانیان بکەن».

دڵشاد نامیق رایوایە «ئەم جۆرەی توندوتیژی لە نموونەی ئاڵۆزبوونی کۆمەڵگە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بووە، وتیشی: «کرانەوەی لەناکاو و زۆر خێرای کۆمەڵگەی کوردستانی بە سەر کۆمەڵگە دنیای نوێ و هاتنی لێشاوی لەناکاو و لە سەریەکی تەکنەلۆژیا بۆ کۆمەڵگە و چوونەناو ماڵەکانەوە، ئەمە وایکرد زۆریك لە کێشەی ناو فیلم و زنجیرە دراماکان لە واقیعی کۆمەڵگەی ئێمەدا دووبارە ببنەوە.» ئەو کەسایەتییە ئەکادیمییە جەختی لەوە کردەوە کە «لایەنی توندوتیژکار زۆربەی جار لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا ڕەگەزی پیاوانن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە کەڵکوەرگرتنی خراپ لەلایەن پیاوانەوە لە ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا زیاترە، بۆیە ئافرەتان زیاتر دەبنە قوربانی». وتیشی: «بەداخەوە ئافرەت لە کۆمەڵگەی ئێمە بە چاوی کەم تەماشا دەکریت لەلایەن پیاوانەوە، بۆیە هەر پیاوە سوود لە هەموو دەرفەتێك وەردەگرێت بۆ لەخشتەبردنی ئافرەت و پڕکردنەوەی حەزەکانی خۆی، لە کۆتاییشدا ئەم تێڕوانینە بە توندوتیژی بەرانبەر ئافرەتان کۆتایی دێت، کە لەوانەیە بگاتە ڕادەی تاوانی کوشتن.»

لە ماددەی (٢)ی یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پێوەندیکردن لە هەرێمی کوردستان، ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٨ دا هاتووە:

«هەر کەسێك ئەگەر بەخراپی تەلەفۆن، یان مۆبایل، یان هەر ئامێرێکی پێوەندیکردنی تەلدار، یان بێ تەل، یاخود ئینتەرنێت، یان پۆستی ئەلکترۆنی بۆ مەبەستی هەڕەشەکردن، یان تۆمەت هەڵبەستن، یان جنێودان، یان بڵاوکردنەوەی هەواڵی هەڵبەستراو بەکارهێنا، کە ترس پەیدا دەکات، یا دزەی بە گفتوگۆکردن کرد، یان وێنەی چەسپاو و جووڵاو، یان کورتەنامەی بڵاوکردەوە، کە لەگەڵ خوو و ڕەوشتی گشتیدا ناگونجێن، یان بەبێ ڕوخسەت و مۆڵەت وێنەی گرت، یان کاروبارێکی وا کە شەرەف بریندار بکات، یان هانی ئەنجامدانی تاوان، یان کاری بەدڕەوشتی، یان بڵاوکردنەوەی زانیاری پەیوەست بە نهێنی ژیانی تایبەتی، یان خێزانی تاکەکان بڵاو بکاتەوە، کە بە هەر ڕێگایەك بێت، چنگی کەوتوون، هەتا ئەگەر ڕاستیش بن، ئەوا ئەگەر بەهۆی بڵاوکردنەوەیان و دابەشکردنیان سووکایەتی، یاخود زیانیان پێبگەیەنێت، ئەوا بۆ ماوەیەك بەند دەکرێت کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە پێنج ساڵیش زیاتر نەبێت و بە غرامەیەکیش سزا دەدرێت کە لە یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت. واتە سزا دەدرێت بە یەکێك لەو دوو سزایە».

یاساناس شاخەوان خالید، سەبارەت بە پرسی زیادبوونی تونوتیژی دژ بە ئافرەتان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیایەوە دەڵێت: «سەرەڕای پێشڤەچوونەکان، بەڵام ڕەوشی ئافرەتان لە کوردستاندا بەگشتی باش نییە، ئەوەش هۆکاری زۆر و جیاوازی هەیە، هۆکارە سەرەکیەکەشی ئەوەیە لە زۆربەی وڵاتانی نەریتی بە کوردستانیشە ئافرەتان لە دۆخیکی نائارامی ڕۆحیدان و توندوتیژییان لەبەرامبەر دەکرێ، واتە نەریتی کۆمەڵگە وایکردووە وەك مرۆڤ سەیری ئافرەتان ناکرێ. بۆیە ڕۆژانە دەبیستین کە ئافرەتان توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێ، یەکێك لە هۆکارەکانیشی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیایە. زۆر ئافرەت هەیە لە ماڵەوە ڕێگەی نادەن مۆبایل و کۆمپیوتەر بەکار بهێنێت، ئەگەر بەکاریشی بهێنێت ئەوا چاودێری دەکرێن». وتیشی: «من خۆم وەك پارێزەرێك کەیسێکم دیتووە ئافرەتێك بە هۆی ئەوەی نامەیەکی هەڵەی لەلایەن کوڕیکەوە بۆ چووە، لە دادگا لەلایەن مێردەکەیەوە تەڵاق دراوە، یان ئافرەت هەبووە تەلەفۆنێکی هەڵە بۆی کراوە، داوای لێبوردنیشی لێ کراوە، بەڵام مێردەکەی باوەڕی پێ نەکردووە و سەرەنجام تەڵاقی داوە.»

ئەو یاساناسە جەختی لەوە کردەوە کە «لە ئێستادا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر بوون و ئەوەندەی سوودمان

**زۆر ئافرەت هەیە لە ماڵەوە ڕێگەی نادەن مۆبایل و کۆمپیوتەر بەکار بهێنێت، ئەگەر بەکاریشی بهێنێت ئەوا چاودێری دەکرێن**

**لە ئێستادا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر بوون و ئەوەندەی سوودمان پێدەگەیەنن، ئەوەندەش زەرەریان هەیە، ئەوەشی پشکی شێری بەردەکەوێ لەو زەرەرە ئافرەتانن**

**هەر پیاوێک باوەڕی بە ئافرەت نەبێ، باوەڕی بە خۆی نییە و لە ناخەوە خۆی کەموکوڕی هەیە، نەوەک ئافرەتەکە. بۆیە پلانێکی وردی دەوێ بۆ هەنگاونان بەرەو گۆڕانکاری لەو ڕوانگەیەوە**

**ڕێکارەکانی چارەسەر بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی و ڕێگەکانی باشترکردنی ڕەوشی ئافرەتان بەگشتی پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی نوێترە**



پێدەگەیەنن، ئەوەندەش زەرەریان هەیە، ئەوەشی پشکی شێری بەردەکەوێ لەو زەرەرە ئافرەتانن، وتیشی: «رێکارەکانی چارەسەر بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی و رێگەکانی باشترکردنی رەوشی ئافرەتان بەگشتی پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی نوێترە، هەر لە پێناسەکانمان بۆ ئافرەتان تا دەگاتە کاری رێکخراوەکانی ژنان و هەروەها دروشمەکانی دەسەڵات و میدیا بۆ کاردانەوەیان لە سەر کەلتووری کۆمەڵگە و بە خراپ بەکارنەهێنانی تەکنەلۆژیا و وازهێنان لەو باوەڕنەبوون بە ئافرەتان، بە بڕوای من هەر پیاوێك باوەڕی بە ئافرەت نەبێ، باوەڕی بە خۆی نییە و لەناخەوە خۆی کەموکوڕی هەیە، نەوەك ئافرەتەکە. بۆیە پلانێکی وردی دەوێ بۆ هەنگاونان بەرەو گۆڕانکاری لەو روانگەیەوە.» وتیشی: «پێویستە راگەیاندنەکان وشیاریی بەکارهێنانی هۆکارەکانی تەکنەلۆژیا و زیان و مەترسییەکانی بە وردی و بە باشی بۆ هاوولاتیان بخەنەڕوو، حکومەتیش لەو بوارەدا پلانی بەردەوام و چاودێری تایبەتی هەبێت».

لەلای خۆیەوە، ژیلەمۆ عەبدولقادر بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە هەولێر، سەبارەت بە هەمان پرس بۆ گوڵان وتی: «تەکنەلۆژیا زۆر بە خێرایی هاتە هەرێمی کوردستان، بە بێ ئەوەی رێنمایی هەبێ سەبارەت بە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامرازەکانی پێوەندیکردن، کە کێشەیەکی زەق و بەرچاوی ئەمڕۆی کۆمەڵگەکەمانە و رۆژانە دەیان قوربانیی ئەو دیاردەیە بەرچاو دەکەون. لە بەڕێوەبەرایەتییەکەشمان کێشەی لەم جۆرەمان زۆرە، کە ناتەبایی لە نێوان تاکەکانی خێزان درووست کردووە، لە کاتێکدا یاسایەکی باشمان هەیە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو دیاردەیە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە ئەو کچ و ژنانەی لە رێگەی مۆبایل و ئینتەرنێت توندوتیژییان بەرامبەر کراوە، ئامادە نین سکاڵا لەسەر کەسەکە تۆماربکەن، چونکە هەڕەشەیان لێکراوە، بەوەی کە وێنە، یان دەنگیان تۆمار کراوە، رۆژانەش لەسەر ئەمجۆرە کێشانە پێوەندیمان پێوەدەکرێت، کە داوایان لێدەکەین بێن سکاڵا تۆماربکەن بۆ ئەوەی کەسی تاوانبار بدەینە دادگا، بەڵام بە بیانووی ئابڕووپارێزی و ترس لە کەسوکار رەدی دەکەنەوە، تا ئێستاش لەسەر ئەو تاوانە زۆر کەس سکاڵای تۆمار کردووە و خەڵکانێکیش دەستگیرکراون و دراونەتە دادگا، سەرهەڵدانی ئەو جۆرە گرفتانەش زیاتر بۆ ناهۆشیاری ئافرەت بەرامبەر بە فێڵ و تەڵەکەبازی رەگەزی بەرامبەر دەگەڕێتەوە، وێڕای ئەوەی کەسانێك هەن زیاتر لە سیمکارتێکیان هەیە، بێ ئەوەی سیمکارتەکە بە ناوی خۆیان بێت، کە دوای ئەوەی کەتنەکەی پێدەکات، سیمکارتەکەی دەشکێنێت.

# ئافرەتێکی قوربانیی دەستی قومار بەسەرهاتی خۆی بۆ گوڵان دەگێڕێتەوە



## گوڵان: کۆمەڵایەتی

زۆرێــك لە توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونناســان باســی ئەوەیــان ورووژاندووە کە لە وڵاتانــی دواکەوتوو، یان تازە پێگەیشتوودا، لەگەڵ گەورەبوونی شارەکان، ئاکار و ئامانج و ئاوات و نەریتی جیاواز بەرفراوانتر دەبن و تەنانەت بەشێك لە بەها ئەخلاقییەکانیش نەك تەنیا کاڵ دەبنەوە، بگرە پێشێلیش دەکرێن. نموونەش بەوە دەهێننەوە کە لە شارە گەورەکان، فێڵ و قۆڵبڕین و ساختەچییەتی و دزی و زۆر تاوانی کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدرێ. تەنانەت بەشێکی زۆر لە گەنجان لە بری ئەوەی ســوود لە تەکنەلۆژیا وەربگرن بۆ پێگەیاندنی خۆیان، کەچی خۆیان و کۆمەڵگەکەشیان دووچاری زیان دەکەن. دەســتپێکی ئەو زیانگەیاندنانەش درۆکردن و فریودانی یەکترە و تەنانەت هەندێك مانای «خۆشەویســتی»یش خەوشدار دەکەن و خۆشەویستی خۆیان تووشی خەم و پەشیمانی و پاشگەزبوونەوە دەکەن. کچێکیش خۆی بە نموونەیەکی شکستخواردووی ئەویندارى دەزانێت و نهێنییەکانی بەسەرهاتی خۆی بۆ گۆڤاری گوڵان دەخاتەڕوو.

کەسێکی قومارچی هەرگیز جێی متمانە نییە و لە کۆتاییدا هەموو شتێکی و تەنانەت کەرامەت ناموسەکەشی دەدۆڕێنێت

دایك و باوك و براکانم و تەنانەت خزمانیش زۆر حیسابم لەسەر دەکەن و هەر هەموویان ڕێزم دەگرن، بەڵام ماوەیەکە هەست دەکەم شەرمەزاری هەموویانم

دواتر زانیم خانووەکەشی فرۆشتووە و لە تورکیا هەمووی لە سەر مێزی قومار داناوە. ئێستاش شوێنبزر بووە و کەس شوێنی نازانێت

یەکێك لە کچە هاوڕێکانم پێداگری دەکرد، کە ئەو کوڕە دەناسێت و کەسێکی شیاوی من نییە. بەڵام بەداخەوە من گوێم لێ نەگرت. وامدەزانی لە حەسوودییەتی و منی بۆ براکەی دەوێت

ڕۆژین کچێکی تەمەن ٣٢ ســاڵانی دانیشــتووی شاری ســلێمانی-یە و ماوەی هەشت ساڵە کاری بازرگانی دەکات. وەك خۆی باســیکرد، ئــەو تاکە کچــی خێزانێکی زەنگین دەوڵەمەندەی شــارەکەیە و باوکیشــی لە دوای تەواوکردنی قۆناغــی زانکۆ هانی داوە لە کەرتــی تایبەت و تایبەت بۆ خۆی کار بکات. بۆیە پشکێکی زۆری ئەرکی کۆمپانیاکەی کــە کاری هاوردەکردنی خواردەمەنییــەکان بووە بۆ هەرێمی کوردستان بەو ســپاردووە. ئەوەش گەرچی سامانێکی زۆری بۆی کۆ کردووەتــەوە، بەڵام وەك خۆی باســیدەکات «زۆر بە ئاســانی بەفیــڕۆ چووە.» نهێنی ئــەو بەفیڕۆچوونەی سامانەکەشی بەمجۆرە دەخاتەڕوو:

«ســێ برای لە خۆم گەورەترم هەیە و هەموویان زیاتر لە بیست ساڵە لە دەرەوەی وڵات دەژین و منداڵەکانیان رازی نابن بە گەڕانەوەیان، هەموویان باری داراییان باشە و لە سلێمانی و لــە دەرەوەی وڵاتیش موڵك و ماڵی خۆیان هەیە و زۆر جاریش هاوکاری منیان کردووە. تا چەند ساڵێك پێش ئێستا باوکم توانای کاری هەبوو، منیش لە دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکــۆ لە کۆمپانیاکەی کارم دەکرد. بەڵام ئێســتا بۆ سێ ساڵ دەچێت تووشــی نەخۆشییەکی مەترســیدار بووە و لە ماڵەوە کەوتووە و توانای هیچ کارێکی نییە. چەندینجار براکانم بردیانە دەرەوە و خۆیشــم ســێ چوار جار بۆ چارەســەری پزیشــکی بردوومــە بۆ ئێران و ئــوردن، بەڵام بەداخەوە ڕۆژ دوای ڕۆژ باری تەندروستییەکەی خراپتر بووە. دایکیشــم ئەوەندەی خەمی پێخواردووە، خەریکــە تەندروســتی ئەویــش دەکەوێتەوە مەترســییەوە. لە ماوەی ئەو سێ ساڵەی کە باوکم وا بە ســەختی نەخــۆش کەوتووە، بۆخۆم و خاڵێکــم کاری کۆمپانیاکــە رادەپەڕێنین. دایك و بــاوك و براکانم و تەنانەت خزمانیش زۆر حیســابم لەســەر دەکەن و هەر هەموویان ڕێزم دەگرن، بەڵام ماوەیەکە هەست دەکەم شــەرمەزاری هەموویانم. هەشت مانگ پێش ئێستا کوڕێك کە لە سەردەمی زانکۆ هاوڕێم بوو، لە دەرەوەی وڵات هاتبووەوە. لە ڕێگەی فەیســبووکەوە پێوەندیمان هەبوو. زۆر خۆی لێم نزیك کــردەوە، وتی بەنیاز نییە بگەڕێتەوە بۆ هەندەران و لە کوردستان دەمێنێتەوە. پێشنیاری هاوسەرگیری کرد، منیش زۆر کــەس هاتبوونە داواکاریم و ڕەدم کردبووەوە، وتــم تەمەنم خەریکە بەســەر دەچێت، ئەوە بــوو قبووڵم کرد و خانەوادەکەشــم لارییــان لێ نەبوو. تەنیــا یەکێك لە کچە هاوڕێکانم پێداگری دەکرد، کە ئەو کوڕە دەناسێت و کەسێکی شــیاوی من نییــە. بەڵام بەداخەوە من گوێــم لێ نەگرت. وامدەزانــی لە حەســوودییەتی و منی بــۆ براکەی دەوێت، نەمزانی براکەی پێی وتبوو، کامەرانی هاوســەرم کەسێکی قۆڵبڕ و قوماربازە. بۆیە وەك کەســێك سیحری لێ کرابێت، بە کامەران رازی بووم و ژیانی هاوبەشــمان دەســت پێکرد. لــە دوو مانگی یەکەمی ژیانمــان زۆر باش بوو، لە ئێران و تورکیاوە خواردەمەنییەکانی هاوردە دەکرد و لە تەواوی هەرێم بە سەر مارکێتەکاندا دابەشی دەکرد. منیش خۆم ئابووریناسم و ژمێریاریــم خوێنــدووە و دەمزانی حیســاباتی چۆنە. زۆر دەستپاك خۆی خســتەڕوو، تاوەکوو ڕۆژێك داوای کرد جگە لــە خواردەمەنی، پاككەرەوەش هاوردە بکەین، وتی پاككەرەوە ئێکسپاریەر نابێ و قازانجیشی لە خواردەمەنی زیاترە. پێکەوە لە تورکیا ســەردانی چەنــد کۆمپانیــای گەورەمان کرد و داواشــی کرد لە تورکیا خانوویەك بکرێن و گوتی: خانووەکە دواتر ســوودی دەبێت و بۆ حەوانەوەی خۆشمان باشە. منیش بیرم لەوە نەکردەوە کــە خانووەکە بە ناوی خۆم بکەم. هەموو متمانەیەکم پێی کرد و خانووم بەناوی ئەو کڕی. کە هاتینەوە ماوەیەك بوو شــەوانە، یان نەدەهاتەوە، یان بە سەرخۆشــی و لە درەنگانی شــەو دەهاتەوە. هەر جارەو بیانوویەکی هەبوو. دەیگوت میوانداری بارزرگانی فارس و تورکم کردووە، شتی لەو جۆرە. منیش بە دڵســافی بڕوام پێدەکرد. تا دوایی وەك مار پێوەی دام. هەرچی پارەی کاشم هەبوو بردی و گوتی لە تورکیا مادە پاككەرەوە دەهێنێت، بەڵام ئەو ڕۆیشــتنە ڕۆیشت هەرگیز نەمبینییەوە. دواتر زانیم خانووەکەشی فرۆشتووە و لە تورکیا هەمووی لە سەر مێزی قومار داناوە. ئێستاش شوێنبزر بووە و کەس شوێنی نازانێت. خۆ ئەگەر بشیدۆزمە نازانم چۆن مامەڵــەی لەگەڵ بکەم. بەڵام دڵنیام کەســێکی قومارچی هەرگیز جێی متمانە نییە و لە کۆتاییدا هەموو شــتێکی و تەنانەت کەرامەت و ناموسەکەشی دەدۆڕێنێت، بۆیە هەست دەکەم پێویســتە من ببم بە پەند بۆ هەموو ئافرەتان، هەتا بە چاوی کراوەتر هاوسەری ژیانیان هەڵبژێرن».

